دەستگیرکردنی تەمەتبارێک کە تاوانی کوشتنی لە شاری بەغداد ئەنجامدا و لە هەولێر خۆی حەشاردابوو



دەستگیرکردنی تەمەتبارێک کە تاوانێکی کوشتنی لە شاری بەغدادی عێراق ئەنجامدا و لە هەولێر خۆی حەشاردابوو.

ئاسایشی هەولێر ئەمە دووشەممە ڕایگەیاندووە، دوای ئەوەی لێڵایەن بەشی پەیوەندیکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار کراینەوە، کە لە ڕێکەوتی 7ی 1ی 2025، دوو تەمەتبار لە شاری بەغداد هەڵساون بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی دایک و کوڕێک، بەناوەکانی (عەلی سەعدی عەلوش و سامیە عەبدوڵا جەعفەر)، تەرمەکەیان سوتاندووە و فڕیانداوەتە ڕووبارەکەوە و بڕی (200 دووسەد هەزار دۆلاریان) بردوە، دواتر لێڵایەن دادگای کەرخ لە بەغداد فەرمانی دەستگیرکردنیان بە دەرکراوە، دوای ئەنجامدانی تاوانەکە یەکێک لە تەمەتبارەکان بەناوی (ع ،ح ،أ)، هەڵهاتوە بە شاری هەولێر، لێڵایەن تیمەکانمانەوە شوێنی خۆ حەشاردانی لە شاری هەولێر دەست نیشان کرا و بەفەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا.